# ڕێگای کوردستان

خاوەنی ئیمتیاز: کەمال شاکر

سەرنووسەر: محەمەد ئەحمەد ئامێدی

نرخی سێ دینارە

پۆستی ئەلیکترۆنی:
REGAY_KURDISTAN@HOTMAIL.COM

WWW.iraqcp.org
E-MAIL: Iraqicp.Org/regay

لە ڕێی سەنتەری ئاسیا هەولێر/ کوردستان -عێراق
TELL: 00442086347745 FAX: 00442086347747 FREE CALL: 0800697480

بەدالە: 2220536
سەرنووسەر: 2231529


قەڵەم

ئیسماعیل بەرزنجی

## کۆنترۆڵێك لە ئاسمانەوە

دەڵێن کۆمپانیایەك جۆرە ئۆتۆمبیلێکی دروستکردووە ئەگەر هاتوو کەسێك بیدزێت ئەوا خاوەنەکەی پەیوەندی بە کۆمپانیاکەوە دەکات و لەوێش پەیوەندی بەمانگێکی دەستکردەوە دەکەن و دەتوانن لەسەر زەوی ئۆتۆمبیلەکە دابخەن.

من تا ئێستا نازانم پایسکل باژۆم نەخاسمە ئۆتۆمبیلیش بەڵام بەم هەواڵە یەکجار دڵخۆش بووم، نەك لەبەر ئەوەی ڕۆژانێك بچمە ئەورووپا و لە جیاتی (عیلم و مەعریفەت) جۆرە سەیارەیەکی وا بێنمەوە و غەیری (مەسئولێك) کەس نەتوانێت لێمبکڕێت.. نەخێر.. بەڵکو ئەوەی دڵشادی کردم ئەوە بوو کە عیلم بگاتە ئەو ڕادەیەی بەمجۆرە دز دەستگیر بکات.

ئەم مانگە دەستکردەی کە ئیش و کاری گرتنی ئۆتۆمبیل دزە ئەگەر بێتوو بۆ دەستگیر کردنی دزی دیکە بخرێتە گەڕ بە تایبەتی لە مەفتەنی ئێمەدا ئەوا دەبێت ڕۆژانە چ حەشاماتێك کۆنترۆڵ بکات.

من ئەگەر لەو عالیمانە نزیك بام ڕامدەسپاردن:

- ئەوانەی کە مێشکیان بۆگەنە و دژ بە جوانی و ڕووناکین.. بە زووترین کات لەسەر زەوی مێشکیان دابخرێت.

- ئەوانەی کە بە پارەی نەوتی هەناوی وڵاتی من کەشخە لێدەدەن و لە مۆزەمبیق و نایجیریاوە دێن و لێرە دەلەوەڕێن هەر زوو بەهۆی ئەم کۆنترۆڵەوە لە پەلوپۆ بکەون.

- ئەوانەی کە بەناوی میللەتەکەمەوە لە دنیا سواڵ و سەدەقە کۆ دەکەنەوە و لێرە تەخشان و پەخشانی دەکەن حەدێکیان بۆ دابنرێت.

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم و سەرم هێنا و برد گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر ئەو مانگە دەستکردە بۆ ئەم مەبەستە لە ئاسمانی وڵاتی مندا دەست بەکار بێت ئەوا بە دوو ڕۆژ پەکی دەکەوێت، چونکە دز ئەوەندە زۆرن کە لە توانایدا نییە ڕاوەدوویان بنێت.

## نیان عەبدوڵڵا:

# براکانم زیاتر بە هونەر ئاشنایان کردم

ئا/ عەدنان ئیبراهیم



- نیان عەبدوڵڵا کێیە؟

+ ناوم نیان عەبدوڵڵایە، لەدایك بووی ساڵی (1975)م لە سلێمانی و دواناوەندی بازرگانی کچانم تەواو کردووە.

- نیان عەبدوڵڵا وەك ئافرەتێك ڕۆڵی ئافرەت لە بواری هونەری چۆن دەبینی بەگشتی و مۆسیقاو گۆرانی بە تایبەتی؟

+ لە ڕاستیدا ئەگەر باسی ئێستا بکەین دەتوانم بڵێم لە جاران زۆر باشترە بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە ئەم ئاستەی کە ئافرەت زۆر بە سەربەستی بتوانێ بێتە ناو بواری هونەرەوە چونکە هێشتا ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکەمان نەگەیشتۆتە ئەم ڕادەیەی ڕێگا بە ئافرەتەکانیان بدەن کە بە سەربەستی بێنە بوارەکەو کاربکەن. پیاوەکان زیاتر سەربەستن و لەوانەیە لە ساڵێکدا کاسێتێك دەرکەن بەڵام بۆ ئافرەتان زۆر کەم ئەوە ئەبینم.

- باشە ئەم مونافەسەیەی لە نێوان هونەرمەندانداندا هەیە تۆ چۆنی دەبینی؟

+ ئەگەر باسی مونافەسە بکەین خۆی لەخۆیدا کارێکی زۆر باشە بەڵام لە لایەنە باشەکەیەوە نەك مونافەسەیەك لە رقەوە بێت مونافەسە دەتوانێ هونەرمەند بگەیەنێتە ئاستێکی باش لەو بوارەی کە ئیشی تیا ئەکا. بەڵام من تا ئێستا هیچ مونافەسەیەك لە نێوان هونەرمەندانی خۆمان نابینمەوە، بە داخەوە خۆزگە هەبووایە.

- لەماڵەوە هیچ هاوکاریت ئەکەن؟

+ بەڵێ بە تەئکید براکانم چونکە ئەوانیش لە بواری مۆسیقا کاردەکەن ئەوان زیاتر هاندەری من بوون کە ئیش بکەم و مادەی تازەم هەبێ ئەگەر ئەوان نەبوونایە من نەمدەتوانی هیچ کارێك بکەم.

- نیان عەبدوڵڵا بەس لە بواری هونەری مۆسیقا کاردەکات یاخود لە بوارەکانی تریش؟

+ بەڵێ دەتوانم بڵێم کە براکانم کاك ئاوات و کاك سۆران عازف سایزەرن و لە مۆسیقا شارەزای باشیان هەیە و منیش توانیم لە ڕێگای ئەوانەوە کەمێك لە مۆسیقا شارەزابم بەڵام زیاتر لە بواری هونەری گۆرانی گوتن کاردەکەم.

- دوا بەرهەمت چییە؟

+ بەڵێ پێشتر باسم کرد کە سێ مادەی تازەم هەبوو لە دوای کۆنسێرتێکەوە کە کردوومە. بەڵام بەداخەوە وابزانم نەگەیشتۆتە دەست ئێوە. ئەویش بە ناونیشانی (خورپەی خەم)ە لە ئاوازی کاك بەختیار عەبدوڵڵایە. دابەشکردنی مۆسیقا لە لایەن کاك عادلەوەیە. هۆنراوەی مامۆستا نەجم هۆگرە. دوا بەرهەمی تریشم کە ئاوازی نەوژین خانەو هۆنراوەی دڵپاکە.

# ماستەرنامە

سەعات 9ی سەر لەبەیانی ڕۆژی 2001/6/21 لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین گفتوگۆ لەسەر ماستەرنامەی خوێندکار سازە بۆسکانی کرا.

بابەتەکە بەم ناونیشانە بوو:

A contrastive analysis of agreement in standard english and standard kurdish

پاش وتووێژ تێزەکە بە پلەی ئیمتیاز پەسند کرا پیرۆزباییمان و بە هیوای دکتۆراش.

# پێشانگایەکی تایبەتی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی

ئا/ شۆڕش ئەمین



لە ڕۆژانی 9 2001/6/11 بۆ ساڵی خوێندنی قوتابیانی 2000 2001 لە هۆڵی گەلەری پەیمانگا پێشانگایەکی تایبەتی شێوەکاری ساز کرا.

ئەمساڵ بەرهەمی پەیمانگا بە تایبەت بەشی شێوەکاری ناو نەنرا فیستیڤاڵ، ئەویش لەبەر کەمی کارە هونەرییەکان و نەبوونی ئەو گشتگیرییەی لەبەرهەمە هونەرییە شێوەکارییەکاندا هەیە. چونکە بەرهەمی پراکتیکی قوتابیانی پەیمانگای ئەمساڵی خوێندن تەنها سێ مانگ بووە، ئەوەش بەهۆی ئەو چاکسازییەی لە بینای پەیمانگادا کرا، بەڵام سەرەڕای ئەو ماوە کەمەش پێشانگەیەکی پوخت و کەم پێشکەش کرا.

مامۆستا وەهبی ڕەسوڵ، لێپرسراوی بەشی شێوەکاری لە بارەی کارەکانی ئەمساڵەوە وتی: بەرهەمەکان بریتین لە کارە هونەرییەکانی هەر چوار لقە سەرەکییەکەی بەشی شێوەکاری، کە بەرهەمەکانیش پابەندە بە پۆلەکانی سێیەم و چوارەم و پێنجەمەوە.

کارنامەی دەرچوونی پۆلی پێنجەم بریتییە لە کارێکی ئەکادیمی و کارێکی سەربەست بە شێوەیەکی سەرەکی، ئەمە بە هاوشانی کۆپی کردنی تابلۆی جیهانی و دیمەنی سروشتی و لێتوێژینەوەکانی ڕەنگکاری هەر لە مۆدێل و ژیانی وەستاو پۆرترێت. بەشێکی باشیش لە باڵی پێشاندانی لقی نیگارکێشان تەرخان بوو بۆ ئەزموونێکی ئازادی نوێ کە ئەزموونی قوتابیان بوو، لەمیانی کارکردنی ئەبستراکتی وەك پرۆسیس پێوانەکانیان یەك بوون لە یەك مەتر بە 70 سم ماددەکانیان جۆراوجۆر بوو بە ڕۆڵە و فلچە و کۆلاج و تەکنیکی جیا جیا جێ بەجێ کرا بوون، هەر چۆن وەك چەندان ساڵە پەیڕەو کراوە وەختێ قوتابییەکی خاوەن بەهرەی تایبەت هەڵدەکەوێت باڵێکی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێت ئەمساڵ ئەو باڵە تەرخان کراوە بە قوتابی بە توانا و بەهرەمەند (بەرهەم تەیب) بەخشرا بوو کە لە پۆلی چوارەمی نیگارکێشانە و چەندان کاری هێڵکاری و ڕەنگاوی و خەڵوزو ئاویی و ماددەی جیا جیای بە شێواز هەمەجۆر بەکار هێنابوو.

دەکرێت ئاماژە بە بەرهەمەکانی کاری دەست و خۆشنووسی و نەخشاندنی بدرێت کە بەشێکی پێشەنگاکەی پێك هێنا بوو، کە زیاتر تەرخانە بۆ پۆلەکانی سەرەتایی پەیمانگاکە.

ئەمە بێجگە لە چەند کارێکی گەورەی پەیکەرسازی کە لە ناو حەوشی پەیمانگا دانرابوون و دیوار بەندێکی تایبەتیش بە بەشەکانی پەیمانگا بە گشتی.

لە ناو کارەکانی بەشی پەیکەرسازی دا کاری ریلیف و بەرجەستە و کارە سەربەستەکاز چ وەك شێواز، چ وەك ماددەی بەکار هاتوو دەبینران. پێشانگاکە لە لایەن بریکاری وەزیری پەروەردە کرایەوە و جەماوەرێکی زۆر لە ماوەی سێ ڕۆژدا هاتنە دیداری پێشانگاکە بەیانیان و دوای نیوەڕۆیان.

# ساندرا بولوکی حەوت روح!



ئەکتەری ئەمریکی ناسراو ساندرا بولوك لە کاتی وێنەگرتنی فیلمی خێرایی دا خەریك بوو گیانی لە دەست بدات.

ساندرا لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەی کە لە جۆری (ڤۆلکس واگن ) ە کۆنترۆڵی لە دەستداو کەوتە سەر ڕێگایەکی پێچاوپێچ و لێژایی و ئەوەندەی نەما بوو هەڵدێرێت.

لە دیمانەیەکدا ساندرا وتی:

-دیارە من خاوەنی حەوت روحم، بەڵام ئەمجارە سێیانم لە دەستدا.

# شیعر بۆ منداڵان

## منداڵێکی هەژار

شیعر/ عەلی بەختەوەر

منداڵێکی هەژارم
وەک مەلێکی زامدارم
مانگانەم دوو دینارە
چی پێ بکرم لەم شارە؟!
چۆن بچمە شاری یاری
کە دوورم لە بەختیاری
لە دنیای گەشت، سەیرانگە
چێژی ناو مەلەوانگە
بۆ هەر شوێنێکا دەچم
دەلەرزێ هەردوو قاچم!!
من و گیرفانی بەتاڵ..
کۆڵێ یادەوەری تاڵ..
باوکی نەدار، کرێچی
مووچەکەی بدات بەچی؟؟!
جا بەدڵێکی ناکام
روو دەکەمە سەر شەقام
(بنێشت) (پاکەت) دەفرۆشم
چاو لە خوێندن دەپۆشم!!

هەولێر
2001/6/8

# یەکەمەکان پیرۆزە



هاوڕێ زاهیر عەبدوڵڵا
پۆلی دووەم
قوتابخانەی ئامێزی سەرەتایی



نیاز ئەمین مام ڕەسول
پۆلی دووەم
قوتابخانەی ئاکۆی سەرەتایی



ژیار عوسمان عەزیز
پۆلی یەکەم
قوتابخانەی بیتوێنی تێکەڵاو



کانی سەلاح محەمەد
پۆلی دووەم
قوتابخانەی نیشتمان / کفری



چینۆ خالید مستەفا
پۆلی دووەم
قوتابخانەی بیتوێنی تێکەڵاو